# کامێرایەک تایبەت بە منداڵان وێنەکانی چاپ دەکا




لـە سـەرەتای سـاڵەکانی حەفتـادا بـوو کـە جۆرێك لـە کامێرا بەرهەم هـات، خۆی وێنەکانی لە مـاوەی کەمتر لە خولەکێکدا دەخسـتنە سـەر کاغەزێکی تایبەت و پێویسـتی بە تاقیگە نەبوو، بەڵام دواتر ئەم جۆرە کامێرا و وێنانە باویـان نەمـا. بـە گۆڕانـی کامێـرای ئەنالـۆگ بـە دیجیتالـی ئیدی شوشـتنگەی وێنەش لـە بازاڕ کەوتن و کەم کەس هەیە وێنەکانی بخاتە سـەر کاغەز. فوجی فیلم هاتووە هەم بۆ نۆسـتالۆژی و بیرهێنـاوەوە بـێ و هـەم بـۆ خێرا چـاپ کردنی وێنە ، کامێرایەکی دیجیتالـی لە جۆری فلۆراید بۆ منداڵان بەرهەم هێناوە کە خۆی وێنەکان دەخاتە سەر کاغەزێکی تایبەت. کامێرای جۆری Instax mini ۹ کە بەرهەمی فوجی فیلمی ژاپۆنییە، دیزاینێکی تایبەت بە منداڵانی هەیە و ڕەنگەکانی هەردوو ڕەگەزی نێرومێی هەیە و منداڵان دەتوانن بە ئاسانی سوودی لێوەربگرن. لە ماوەی تەنیا چەند چرکەیەکدا وێنەیەکە دەخاتە سەرکاغەز. سێ ڕەنگی سپی و شین و پەمەیی هەیە، بۆ ئەوانەی بیانەوێ وێنەی سێلفی بگرن و تایبەتمەندییەکی تێدا هەیە کە بەکارهێنەر خۆی دەتوانێ وێنەی سێلفی بگرێت.



# مۆبایلی بلاک شارک ۲ و تایبەتمەندییەکانی

کۆمپانیـای شـیائومی ڤێرژنـی دووەمـی بـلاك شـارك (نەهەنگـی ڕەش)ی خسـتەڕوو، مۆبایلێـك کـە تایبەتـە بەگەیـم و تواناکانـی سەرسـوڕهێنەرن.

شاشـەی مۆبایلی (6,4 Xiaomi Black Shark 2) ئینجە و لـە جۆری AMO-LEDیـە و لەلایـەن سامسـۆنگەوە بەرهـەم هاتـووە، بـە خێراتریـن شاشـەی لەمسـی دادەنرێ. تایبەتمەندییەکی گرنگی شاشـەکە، توانـای زانینـی ڕێژەی زەخت بـۆ هێنانـە، بـەو مانایـە کـە بەپێـی زەختـی پەنجـەی بەکارهێنـەر پرۆگـرام و تایبەتمەندییەکانـی دەردەخـات، تەنانـەت دەکرێـت وەك تەرازوویەکی بچووکیش سـەیر بکرێت، وەك باس دەکرێت پەنجەمۆری ئەمنییەتی مۆبایلەکە لەناو خودی شاشـەکە دایـە.

باترییەکی بەهێز و خێرای لەسـەرە. گرنگتریـن بەشی مۆبایلەکە کامێراکەیەتی کە ٤٨ میگاپیکسلە، کامێـرای پێشـەوەی ٢٠ میگاپیکسـلە. رامەکـەی ١٢ گیگابایتـە و ٢٥٦ گیگابایتیـش میمـۆری نـاو مۆبایلەکەیـە.



# باليفێک چیرۆک دەگێڕێتەوە و گۆرانیش دەڵێ

دونیای دیجیتالی پەلوپوی بۆ هەموو لایەنێکی ژیان هاویشتووە، دەستەوانەی هۆشمەند، گۆرەوی هۆشمەند، پێڵاوی هۆشمەند و باليفی هۆشمەند... تاد. بەڵێ لەم دواییەدا باليفێکی هۆشمەند بەناوی somnox دروستکراوە کە وەك مرۆڤ ساوا هەناسە لێدەدات و بۆ خەوتنی منداڵان و گەورە ساڵانیش سوودی لێوەردەگیردرێت. باليفەکە بەقەد پشیلەیەك دەبێت، مۆسیقا بڵاو دەکاتەوە و سیستەمی خەو رێك دەکات و ئارامی بۆ بەکارهێنەرەکەی دەڕەخسێنێ.

باليفەکە بەردەوام پرۆگرامی نوێی بۆ دادەنرێ و مۆسیقی و گۆرانی لێدەدات و یان کتێبی دەنگی دەخوێنێتەوە. بەیانیانیش بە ئارامی و بە مۆسیقایەکی خۆش بەکارهێنەرەکەی لە خەو هەڵدەستێنێ.



# مۆبایلە کاتژمێرەکە

لە پێشانگای ساڵانەی مۆبایلدا کە بە MWC ناسراوە، کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی مۆبایل، بەرهەمەکانی خۆیان خستەڕوو، لە ناو پێشانگاکەدا مۆبایلێك کە دیزاین و ستایلەکەی جیاواز بوو سەرنجی میدیاکانی ئەم بوارە و ئەوانەی سەردانی پێشانگاکەیان کردبوو راکێشا.

مۆبایلی (nubia Alpha) کە هیچ وەك مۆبایل نەدەچوو، زیاتر وەك کاتژمێر یان بازنەیەك دەچوو لەلایەن کۆمپانیای چینی نۆبیاوە خرایە ڕوو.

کۆمپانیای ناوبراو دەیەوێ هەمیشە داهێنانی نوێ بکا، وەك ئەم مۆبایلە و مۆبایلی شاشە نەرم، واتە ئەو مۆبایلەی شاشەکەی دەنووشتێتەوە.. مۆبایلی ناوبراو وەك گشت مۆبایلێکی دیکە دەتوانرێ پەیوەندی پێوە بگری، سەیری فیلم بکەی و سایتەکانی ئینتەرنێت بکەیەوە و تەنانەت وێنەی سێلفیشی پێبگری.







# مێت ئێکس گۆڕانکارییەک لە جیهانی تەکنەلۆژیادا

پسپۆرانی بواری تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەم، دوو ساڵ دەبێت بە چڕی هەوڵی بەرهەمهێنانی مۆبایل یا تەبلێتی نوشتاوە دەدەن، واتە مۆبایل یا تەبلێتێك کە وەك کاغەز بنوشتێتەوە و بە ئاسانی هەڵبگیردرێت. کۆمپانیای هواوی یەکەم مۆبایلی لەمجۆرەی بەناوی mate X لە کۆنگرەی ساڵانەی مۆبایلدا خستەڕوو. مۆبایلی ناوبراو دەکرێت وەك مۆبایلێك بە دوو شاشەی جیاواز یان دەکرێت وەك تەبلێتێك بەکار بهێندرێت.

جۆری شاشەکەی AMOLEDی ١٦ ملیۆن ڕەنگییە، ئەندازەکەی ٨٠ ئینجە. کێشەکەی ٢٩٥ گرامە. سیستەمی ئەندرۆیدی ٩ی لەسەرە. میمۆرییەکەی ٥١٢ گیگابایتە. رامەکەی ٨ گیگابایتە. کامێراکەی ٤٠ میگاپیکسلە، بەڵام کامێرای پێشەوەی نییە. بارستاییەکی تەنکی هەیە و ٥,٤ ملمە. سیستەمی ئەنتەرنێتی خێرای لەسەرە و لە ماوەی ٣ چرکەدا دەکرێت فیلمێکی یەك گیگابایتی دابەزێنی. شەحنی خێرای لەسەرە و لە ماوەی تەنیا نیوکاتژمێردا پڕ دەبێتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، نیازمە مۆبایلەکەم بفرۆشم بۆیە فۆرماتم کردۆتەوە، ئایا دەتوانرێت پاش فۆرماتکردن داتاکان وەك وێنە و ڤیدیۆییەکان بگەڕێنەوە؟**

خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەت هەم دەڵێی بەڵێ و هەم دەڵێی نەخێر! بەڵێ لە ڕاستیدا دێنەوە ئەوەی شارەزای ئەو بوارە بێت و بە دوای گەڕاندنەوەی داتاکان واتە ڕێکۆڤەری دابێت و داتاکانی تۆی بۆ گرنگ بن، بەڵێ دەتوانێت بە پرۆگرامی تایبەتی بیانگەڕێنێتەوە و دژوارە، بەڵام مەحاڵ نییە. بۆ نەخێرەکەش دەڵێم چونکە ئەوانەی مۆبایل دەکڕن هیچ کاتێك داتاکانی کڕیارەکانیان بۆ گرنگ نییە، بۆیە هەوڵی بۆ نادەن و خۆی بۆ ماندوو ناکەن. بۆیە مۆبایلەکەت بەو شوێنانە بفرۆشە کە یەکتر ناناسن. ئەگەر داتاکانیشت گرنگن بە گەڕاندنەوە تووشی گرفت دەبی ئەوە مۆبایلەکە لەلای خۆت بهێڵەوە باشترە.

# مۆدێمی G5 ئەزموونێکی نوێ لە ئینتەرنێتدا



لە ماوەی کەمتر لە یەك ساڵدا سیستەمێکی نوێ لە خێرایی گەیاندنی ئینتەرنێتدا هاتە کایەوە، ئینتەرنێت لە سیستەمی G4ەوە بەرەو سیستەمی G5 و هەتا G6یش هاتووە، بەڵام ئەو ئامێرانەی کە سوود لەو سیستەمانە وەردەگرن هێشتا گشتگیر نەبوونە و زۆر کەمن.

کۆمپانیای هواوی یەکەم مۆدێمی خێرای خۆی بە سیستەمی G5 خستەڕوو، مۆدێمەکە بە Huawei 5G CPE pro ناسراوە. مۆدێمی ناوبراو لەگەڵ ئەوەیدا پشتیوانی لە سیستەمی G5 دەکات لە سیستەمی G4یش سوود وەردەگرێ.

خێرایی ئینتەرنێت لەو سیستەمەدا بەقەد خێرایی ئینتەرنێتە لە فایبەری تیشکدا واتە (٣,٢ گیگا لە چرکەیەکدا). بەهۆی ئەو سیستەمەوە دەکرێت بە ئاسانترین شێوە ڤیدیۆییەکانی k8 و یارییە قورسەکان دابەزێنی. سیستەمی hilikn کە لەم مۆدێمەدا هەیە دەتوانرێت تەنیا بە داگرتنی دوگمەیەك لەگەڵ گشت ئامێرێك پەیوەند بدرێت، ئەم سیستەمە بۆ ماڵە هۆشمەندەکان دەگونجێت و بۆ ئەوەی ئامێرەکان سوودی لێوەربگرن پێویستی بە پاسۆرد نییە. مۆدێمەکە هۆشمەندە و ئامێرە نزیکەکان دەناسێت و بۆ ئامێرە نزیکەکان ئینتەرنێتی خێراتر دەبەخشێت.

# دۆج مۆبایل و سیستەمی ئینتەرنێتی G5




ئەوانەی شارەزای مۆبایلیش نین، ناوی ئۆتۆمبیلی دۆجیان بیستووە. ئۆتۆمبیلێکی بەهێز، گونجاو لەگەڵ ڕێگاوبانە دژوار و سەختەکان. مۆبایلی دۆجیش هەر ئاوایە، مۆبایلەکە لەلایەن کۆمپانیای دۆجی چینی بەرهەم دێت و دواترین مۆبایلی ئەم کۆمپانیایەش ((Doogee S90ە. مۆبایلەکە لە جۆری ماژۆڵە. وشەی ماژۆڵ (module) لە ئینگلیزیدا بەو ئامێرە دەگوترێت کە بەکارهێنەر بە پێی داخوازی خۆی پارچەکانی دەکرێت و لە پاڵیەکی دەخاتەوە. مۆبایلی ماژۆڵیش ئاوایە واتە پارچەکانی وەك کامێرا، میمۆری، رام، بەشەکانی دیکە بەپێی ویستی داخوازی بەکارهێنەرەکە دەبن و کە لە چوارچێوەیەکدا لە پاڵیەکیان دەخاتەوە.

مۆبایلی دۆج ٩٠یش لەو جۆرە مۆبایلانەیە. لە پشتەوەی مۆبایلەکەدا موگناتیسێکی بەهێز هەیە کە دەکرێت پارچەکانی دیکەی پێوە بلکێندرێن، یەکێك لەو پارچانەش تۆڕی G5ە و هەروەها دووربینی شەوە و پارچەی پاوەر و پارچەی گەیمینگ...تاد.

شاشەی مۆبیالەکە ٦,١٨یە، رامەکەی ٦ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگابایتە. مۆبایلەکە بۆ گشت هەلومەرجێك دەگونجێت، بۆ چیا و بۆ ناو ئاو و لە کەش و هەوای سارد و گەرمدا کێشەی بۆ نایەتە پێش.

مۆدیمی 5Gی مۆبایلەکە خێرایی دابەزاندنەکەی ٣,٥ گیگابایت لە چرکەیەکدایە و خێرایی ئاپلۆدیشی ١,٢٦ گیگابایتە لە چرکەیەکدایە.



## ماڵپەڕێک بۆ گۆڕینی فۆرماتە ڤیدیۆییەکان

فۆرماتەکانی فیلمە ڤیدیۆییەکان گەلێکن، بۆ ئەوەی فایلێکی ڤیدیۆیی بخرێتە سەر ئینتەرنێت پێویستە قەبارەکەی بچووك بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ فۆرماتە ڤیدیۆییەکە گۆڕانی بەسەردابێت، بۆ نموونە ئەگەر تۆ فیلمێکت بە فۆرماتی AVI هەبێت ناتوانرێت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دایبنێی. بۆ گۆڕینی فۆرماتە ڤیدیۆییەکان پێویستە پرۆگرامی تایبەت بەو کارە بەکاربێنی، بەڵام ئەگەر کۆمپیوتەرەکەت هیچ پرۆگرامێکی وای لەسەر نەبوو ئەوە سەر لە ماڵپەڕی تایبەت بە گۆڕانکاری لە فۆرماتە ڤیدیۆییەکان بدە. یەکێك لەم ماڵپەڕانە سایتی..any-video-converter .comە. لەم ماڵپەڕەدا بەئاسانی فۆرماتەکەی خۆت بگۆڕە و هەر لە سایتەکەش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی بکەوە. جگە لە گۆڕینی فۆرمات دەکرێت، بەشێك لە فیلمەکە ببڕی، یان فیلمەکە بسوڕێنی و زۆر تایبەتمەندی دیکەش..

## پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی پرۆگرام بۆ مۆبایل

مۆبایل گشتگیرترین ئامێری تەکنەلۆژی نوێیە، شوێنی زۆر ئامێری دیکەی گرتۆتەوە، تەنانەت رکابەری لەگەڵ کۆمپیوتەریش دەکات.

بۆ هەر کارێك کە مەبەستت بێ پرۆگرامی تایبەتی تێدایە، ئەگەر هەوڵیش بدەی خۆت پرۆگرام بۆ مۆبایل دروست بکەی، ئەوە دەیان پرۆگرام بۆ دروستکردنی ئەپلکەیشنی مۆبایل هەیە.

یەکێك لە پرۆگرامەکانی دروستکردنی ئەپلکەیشنی مۆبایل App Builder ە.

بۆ دروستکردنی پرۆگرامێکی مۆبایل دەبێت سەرت لە کۆد دەربچێت و بتوانی کارکردی کۆدەکان بزانی، بەڵام ئەگەر هیچ زانیارییەکت سەبارەت بە کۆدنووسین نییە، ئەوە ئەو پرۆگرامەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا بەکار بێنە، چونکە بەکارهێنانی ئاسانە و پێویستی بە کۆد نووسین نییە. پرۆگرامەکە دابەزێنە سەر کۆمپیوتەر و خۆتی پێوە ماندوو بکە و بە ئاسانی دەتوانی ئەپلکەیشنێك دروست بکەی..

